کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
27-11-2007 1:24بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## چیتان لێمان دەوێت... ئارام شێخ جلال

نازانم بە چ زوبانێك بانگ بکەم (گەنج، لاوان یان شباب)، چونکە تەنانەت وشەکانیش بوونەتە حیزبی و ئاراستەیەکە بۆ لایەنێك بە وێنەی ڕەنگ و ناوچەو... وەکو هەموو داهاتوو سەروەتێکی تری نێو کوردستان بە نێو حیزبەکاندا دابەشکراوە نە ئەوەیە لە کۆڵمان بنەوە نە خۆیان و ویژدانیان ڕاستدەکەنەوە تا نەکەونە بەر نەفرەتی مێژوو نە دەشرۆن کە بچنەوە وڵاتەکانی خۆیان.. ؟



گەنجان و لاوانی کورستانم کاتی بێدەنگی بەسەرچوو چیتر بی هەڵوێستی و گوێنەدان وبەهەدەر بردنی کوردستان نیشانەی نەزانین و ترسنۆکی ئێمەیە هەرکەس لەئاستی خۆیەوە هەنگاو بنێت داوای ماف و ژیان کە سەرەتایترین مافە و ئەوان بەڕەوای نابینن. گەر ئەوچینەی کەئەوان لەخشتەیانبردووە ئەوەندەی ئەو ویژدانەی کەئەوان هەیانە بجوڵایە کارەسات نەدەگەییە ئەم ئاستەی ئێستا تا کی ئەوقەوانەلێبدەینەوە کەحکومەتەکەمان ساوایە ئەوەتا بە سەدان هەزاران خوێندکار و قوتابی لەزانکۆوپەیمانگاکان دەردەچن و شوێنێك نیە کاری لی بکەن ئەویش بەهۆی گەندەڵی ئەو دوو دەسەڵاتە بی پلانەوە، کارەسات لەوەدانیە کە حکومەتی هەرێم ڕێژەیەکی زۆر لەفەرمانبەری هەیە و ناتوانێت لەوە زیاتر دامەزرێنێت بەڵکو لەوەدایە کە هەموولایەنگرانی سەر بەخۆیان دامەزراندووە هەرلەنەخوێندەوارو شوان و... زۆرێکیش لەوانە ئیشی تر ئەتوان بکەن و جێی کۆمەڵی کەسی تریان گرتووە هۆکارەکانی دروست کردنی ئەم قەیرانەببینین نەککەیرانەکە هەرخۆتان بەرپرسیارن خولقێنەرین. ئایا ئەم حکومەتە ئەتوانی وەڵامی سەرجەم ئەم سەرلێشێواویە بداتەوە.

زۆرێك لەگوندەکانیان جارێکی تر وەك بەعس ئاسا خابور کردەوە بە شێوەیەکی تر هەرچی گەنجی ئەو گوندانە یە ڕاگوێزی نێوشارەکان بوون و کرانە پۆلیس و... لەبری ئاوەدانکردنەوەی دێهاتەکان بردنی پرۆژەی خزمەتگوزاری ئەمەیەبی پلانی حکومەت هەرچەندە بۆ گەنج و لاو لەوەدا کەم تەرخەم نەبووە کە وەزیرێکی تایبەت بەلاوان داناوە و وەزارەتێکیشی بۆکردۆتەوە کەسەرجەم پێویستیەکانی ئەو توێژە جی بە جی دەکات ئەوەتا وەزیرەکەی ئێستە چۆتە سوید و پێویستییەکانی گەنجان ولاوانی کورد لە سوید چارەسەر دەکات.. ؟. یان کردنەوەی کارگەو بەرەوپێش بردنی کەرتی تایبەت لەلایەن حکومەتەوە بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی بی کاری.. دەتوانێت وەڵامی کام کارەسات بداتەوە بەڕاستی جێگەی بەزەی پێداهاتنەوەیە بەمحکومەتەتێکی واداکەخۆشی نازانێت کام لا پینەبکات، حکومەتی هەرێم کاتی ئەوە هاتووە بەو کارانەتاندا بچنەوە چونکە، ئەوتوێژەی کەناوی دەنێن بەداهاتووی کۆمەڵ لێتان بێزارەو چیدی ئومێدی بە ئێوە نیە وازۆرێك لەو توێژە ڕۆژانە ملی ڕێدەگرنەوە بۆ دەرەوەی وڵات ئەم جارەیان زۆریان ئەوکەسانەن کەخوێندنیان تەواوکردووە تەواو بی هیوا بوون کەڕۆژێك خۆشگوزەران دەبن.

ئەوەندەی بیرلە خۆتان و دەسەڵاتان دەکەنەوە کەمێکش بیر لەو مێژووەش بکەنەوە کە تۆماری دەکەن بەکردەوەکانتان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.